پانۆرامای گرنگترین رووداوە وەرزشییەکانی ساڵی ٢٠٠٦



ئا:فارس سێنارەیی

چەند ڕۆژێکی ترەو ماڵئاوایی لە ساڵی ٢٠٠٦ دەکەین، بێگومان چەندین بۆنەی وەرزشی گەورە لەم ساڵەدا ئەنجامدرا، لێرەدا گرنگترین رووداوە وەرزشییەکانی ساڵی ٢٠٠٦ دەخەینە بەردەم خوێنەرانی هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان.

هەرێمی کوردستان:

یەکگرتنەوەی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانو ئەنجومەنی باڵای وەرزش، دواتر دامەزراندنی ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستان دیارترین ڕووداوی وەرزشی بوو لە هەرێمدا، هەروەها بەشداریکردنی یانەی هەولێر بۆ یەکەم جار لە مێژووی تۆپی پێی کوردستاندا لە پاڵەوانێتی جامی یانە عەرەبییەکان، بە ڕووداوێکی مێژوویی لە قەڵەم دەدرێت، هەرچەندە یانەی هەولێر، بەرامبەر بە یانەی ئیسماعیلی میسری دۆڕا بە (٢-٠)، (٤-٢).

جگە لەم دوو بۆنە گرنگەی دەستپێکردنی خولی نایابی کوردستانو جامی زەیتون لە بۆنە دیارەکانی ساڵی ٢٠٠٦ بوون.

عێراق

ئەوەی جێگای داخە لەم ساڵەدا چەندین ئەستێرەی وەرزشی لەلایەن تیرۆریستانەوە شەهیدکران دیارترینیان (د.هدیب مجهول)ی سەرۆکی یانەی تەڵەبە بوو، تا ئێستاش (ئەحمەد حەجبەی) سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق بێ سەروشوێنە.. هەڵبژاردەی عێراق توانی بگاتە کۆتاییەکانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا کەوا بریارە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە تایلندو ڤێتنامو ئەندەنوسیاو ماڵیزیا ئەنجام بدرێ.

هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق میدالیای زیوی ئۆلۆمپیادی دۆحەی (١٥)می بەدەست هێنا.. دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بەرامبەر هەڵبژاردەی قەتەر بە ئەنجامی (١-٠) دۆڕا.

جیهانی

تۆپی پێ:

لە ڕێکەوتی ١٧/ ٥/ ٢٠٠٦ یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی توانی جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەدەست بێنێت بۆ جاری دووەم لە مێژوویدا، دوای ئەوەی توانی بە ئەنجامی (٢-١) لە یانەی ئەرسنالی لەندەنی بباتەوە..

لە ١٠/ ٦/ ٢٠٠٦ مۆندیالی ئەڵمانیا دەستی پێکرد کە بۆ جاری چوارەم لە مێژوویدا هەڵبژاردەی ئیتاڵیا توانی جامی جیهانی بەرزبکاتەوە، فەرەنساش پلەی دووەمی بەرکەوت.. زیدانی یاریزانی فەرەنسا بە یەکجاری وازی لە یاریکردن هێنا، میروسلاف کلۆزەی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بووە گۆڵکاری مۆندیال.

-یانەی ئەنتەرناسیونالی بەرازیلی جامی یانەکانی جیهانی بۆ خۆی مسۆگەرکرد، دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی کە لە ١٧/ ١٢/ ٢٠٠٦ ئەنجامدرا، بە ئەنجامی (١-٠) لە یانەی بەرشەلۆنەی بردەوە، یانەی ئەهلی میسریش کە نوێنەری ئەفریقیا بوو لەم پاڵەوانیەتە توانی پلەی سێیەم بەدەست بهێنێ، هەڵبژاردەی میسریش کە زۆربەی یاریزانەکانی لە یانەی ئەهلی پاڵەوانی ئەفریقیایە توانی لە (٤)ی شوبات جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا بەرز بکاتەوە، هەڵبژاردەی کۆت دی ڤواریش بە پلەی دووەم هات..

-لە ١٨/ ١٢/ ٢٠٠٦ لە ئاهەنگێکی قەشەنگدا لە وڵاتی سویسرا بەرێوەچوو فابیو کەنەڤارۆی ئیتاڵی بە باشترین یاریزانی جیهان دەرچوو، دوای ئەویش زێدانو رۆنالدینۆ بە پلەکانی دووەمو سێیەم هاتن، کەنەڤارۆ ئەمساڵ لەلایەن گۆڤاری (فرانس فتبۆڵ)ی فەرەنسی بە باشترین یاریزانی ئەورووپا دەستنیشانی کرا..

خاتوو مارتای بەرازیلیش باشترین یاریزانی ئافرەت بوو لە ساڵی ٢٠٠٦ ..

خەلفان ئیبراهیمی قەتەریش باشترین یاریزانی ئاسیابوو بۆ ساڵی ٢٠٠٦..

تۆپی باسکە:

هەڵبژاردەی پیاوانی ئیسپانیا لە تۆپی باسکە توانی لە یاری کۆتایی جامی جیهانی تۆپی باسکە کە لە وڵاتی ژاپۆن یارییەکانی بەرێوەچوو لەهەڵبژاردەی یۆنان بباتەوە بە ئەنجامی (٧- ٤٧) ئەم یارییەش لە ٣ی سێبتێمبەر سازدرا.

-جامی جیهانی باسکەی ئافرەتانیش لە وڵاتی بەرازیل ئەنجامدرا لە ٢٣ی سێبتێمبەر، کە لە یاری کۆتایی ئوسترالیا توانی بە (٩١-٧٤) لە روسیا بباتەوە..

تۆپی دەست:

هەڵبژاردەی کرواتیا توانی لە ٢٩ی ئۆکتۆبەر جامی جیهانی بچووك کراوە بەدەست بێنی، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردەی تونسی بردەوە بە ئەنجامی (٣٣-٣٢).

تۆپی باڵە:

لە (٣)ی دیسێمبەر هەڵبژاردەی پیاوانی بەرازیل لە یاری کۆتایی جامی جیهانی بۆ یاری باڵە لە هەڵبژاردەی پۆلەندای بردەوە بە ئەنجامی (٣-٠) ئەم پاڵەوانیەتیەش لە وڵاتی ژاپۆن بەرێوەچوو.. ئافرەتانی روسیاو بەرازیل گەیشتنە یاری کۆتایی جامی جیهانی باڵەی ئافرەتان کە تیایدا کچانی روسیا توانیان بە ئەنجامی (٣-٢) جامەکە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ئەم پاڵەوانەتیەش لە ژاپۆن ئەنجامدرا، یاری کۆتایش لە ١٦ی نۆڤەمبەر بوو..

تێنس:

ئەمساڵ یاریزانی سویسری روجی فیدریە بە باشترین یاریزانی پیاوان دەرچوو، دوای ئەویش نادالی ئیسپانی دێت.. لە ئافرەتانیش جۆستین هینان بە باشترین یاریزان دەرچوو، کچە یاریزانی فەرەنسی مۆرسیمۆو کچە یاریزانی رووسی شاراپۆڤا دوای ئەوهاتن.

فۆرمێلا: (١) لە پێشبڕکێیەکانی ئۆتۆمبێل (فۆرمێلا ١) شوفێری ئیسپانی ئەلۆنسۆ توانی نازناوی پاڵەوانی جیهانی بەدەست بهێنێ، دوای ڕکابەرییەکی بەهێز لەلایەن میکائیل شۆماخەری ئەڵمانی.



بۆ ساڵی پێنجەم لە دوای یەك

بەرازیل باشترین هەڵبژاردەی جیهانەو عێراقیش لە پلەی ٨٣ دایە

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (FIFA) ریزبەندی هەڵبژاردەکانی جیهانی بۆ ساڵی (٢٠٠٦) ڕاگەیاند، کە هەڵبژاردەی بەرازیل بۆ جاری پێنجەم لە دوای یەك توانی یەکەمی پۆلێنەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات، هەڵبژاردەی بەرازیل ئەمساڵ لە کۆی (١٠) یاری کە ئەنجامیداوە (٨) بردنەوەو (١)یەکسانبوونو دۆڕانێکی هەیە.. لە پلەی دووەمیش هەڵبژاردەی ئیتاڵیای پاڵەوانی مۆندیالی ٢٠٠٦ دێت، هەڵبژاردەی عێراقی فیدراڵیش لە پلەی (٨٣)ی ریزبەندەکەدایە، کە تا پلەی ١٠یەمی بەم شێوەیەیە..

١-بەرازیل -١٥٨٨ ٢-ئیتاڵیا -١٥٦٠ ٣-ئەرجەنتین -١٥٥١ ٤-فەرەنسا -١٥٢٣ ٥ -ئنگلتەرا- ١٣٥٩ ٦-ئەڵمانیا -١٣٥٠ ٧-هۆڵەندا -١٣٠٥ ٨-پورتوگال-١٢٥٨ ٩-نێجیریا -١٢٤٤ ١٠- کۆماری چیك -١١٩٠

ڕێگای کوردستان

خاوەنی ئیمتیاز
کەمال شاکر

سەرنووسەر:
هەندرێن ئەحمەد
handren88@yahoo.com
Mobil: 0750 4472264
Tel: 0662225147
0662514312

جێگری سەرنووسەر
ئاسۆ جەلال
Asojalal@yahoo.com
Tel:0662220536
Mobil: 07504485724

کاری هونەری و نەخشەسازی
نەبەز مستەفا
Nabaz_77@hotmail.com
Tel: 4492282

نرخی (٥٠٠) دینارە
١٢ لاپەرەیە